

KCCRC

Islamic Studies

# دەستاودەستی دەسەڵات لە سەردەمی سەلەفیی ساڵح

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٩٦

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# دەستاودەستی دەسەڵات
# لە سەردەمی سەلەفیی ساڵح

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

٩٦
زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

کانوونی دووەمی ٢٠٢٠

# دەستاودەستی دەسەڵات
# لە سەردەمی سەلەفیی ساڵح

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

## پێشەکی

مەسەلەی دوای قۆناغی پێغەمبەرایەتی، لە هەر سەردەمێکدا بە جۆرێک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر گوازراوەتەوە. ئەوەی ئێمە لەم باسەدا دەمانەوێ تیشکی بخەینە سەر ئەو سەردەمە کە لەناو کەلەپووری ئیسلامیی بە گشتی و ئەهلی سوننە بە تایبەت و ئەهلی حەدیس بە تایبەتتر بە سەردەمی زێڕین و پێشینانی چاک ناسراون واتە سەلەفی ساڵح.

ئەڵبەت نامانەوێ درێژە بەوە بدەین کە مانای سەلەف کێن؟ بەڵام بە پوختی ئەوەی باس لەوانەیە لە سێ سەدەی یەکەمی ئیسلام ژیاون(١). گەر لە لەدایکبوونی خودی پێغەمبەر (د.خ) حسێب بکەین دەکاتە (٥٣) ساڵی پێش کۆچ، تا ساڵی (٢٤٧ک)، بەڵام گەر لە هاتنی سرووش و بانگەوازی پێغەمبەرایەتییەوە حسێبی بکەین، واتە سەرەتای قۆناغی (١٣) ساڵی بانگەوازی ئیسلامی لە مەککە، بەمەش دەکاتە (١٣) ساڵی پێش کۆچ تا (٢٨٧ک)، گەر هەر کۆی سەدەی یەکەمی کۆچییش بە سەدەی پێغەمبەرایەتی حسێب بکەین، ئەوا دەکا لە یەکی کۆچی تا ساڵی (٣٠٠ک) بەو سەردەمە حسێبە کە بە چاکترین و فەزڵترین سەدە حسێبە بەپێی گێڕانەوەی ئەهلی حەدیس.

لەم باسەماندا دەمانەوێ بە پشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان، ئاماژە بە چەند زانیارییەکی ژمارەیی بکەین. بۆ ئەم دیاردەیە داخۆ دەستاودەستی دەسەڵات لەم چواردە سەدەیە چۆن چۆنی بووە. ئەڵبەت لەم باسەدا نامانەوێ مێژووی ژیاننامەی یەک بە یەکی حوکمدارانی ئەو مێژووە بخەینەڕوو، بەڵکو دەمانەوێ ئاماژە بە هاتنە سەر حوکمی هەریەکەیان و پەیوەندی بە حوکمی پێش خۆی و دوای خۆی بکەین.

### چوار خەلیفەکەی دوای پێغەمبەرایەتی:

لە دوای پێغەمبەرایەتییەوە، چوار کەسایەتی لە نەوەی هاوەڵان حوکمی کۆمەڵگەی ئیسلامییان کردووە؛ ئەوانیش ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی.. یەک بە دوای یەک. لە دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە (د. خ)، سەرەتا بەرەی ئەنسارڕ، موسڵمانانی مەدینە، لە سابانی بەنی ساعیدە کۆبوونەوە تا کەسێک هەڵبژێرن ئیتر کاروباری ئەو خەڵکە بەڕێوە ببات، زۆرینەیان لەسەر هەڵبژاردنی سەعد کوڕی عوبادە خەزرەجی ئەنسارڕی بوون، بەڵام دوای هاتنی موهاجرین و گفتوگۆی عومەری کوڕی خەتاب، مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە دواجار زۆرینە لەسەر هەڵبژاردنی ئەبوبەکری سەدیق ڕازی بوون و بەیعەتیان دایە وەک یەکەم خەلیفە(٢). ماوەی دوو ساڵ و سێ مانگ حوکمی کرد و لە تەمەنی (٦٣)ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەوە نزیکی مەرگ بۆوە، خەڵک داوایان لێ کرد کە کێ حوکمیان بکات لە پاشی، ئەویش وەسیەتێکی بۆ نووسین، لە دەقی ئەم وەسیەتە دەڵێ: لە دوای خۆم عومەری کوڕی خەتاب بە خەلیفە هەڵدەبژێرم، ئێوەش گوێڕایەڵی بن و ملکەچی بن، گەر عەدل بوو ئەوا زەننی منیش هەر وایە و وای دەبین وا بێت، گەرنا ئەوە هەر کەس و خۆی و کردەوەی خۆی، من خێرم ویستووە و کەسیش غەیب نازانێ(٣).

ئەڵبەت لەنێوان چەند کەسایەتییەکی نەوەی یەکەمی ئیسلامەتی ئەوەیانی هەڵبژارد. ئیتر لە ساڵی (١٣کۆچی) عومەری کوڕی خەتاب دەسەڵاتی گرتە دەست(٤). ماوەی (١١) ساڵ حوکمی کرد، تا لە ئەنجامی کێشەی نێوان ئەبولوئلوئەی فەیرۆز و موغەیرەی کوڕی شوعبە، ئەبو لوئلوئە هەوڵی تیرۆرکردنی عومەری کوڕی خەتابی دا و لەم ڕووداوە عومەر بە سەختی بریندار بوو(٥)، نزیکی مەرگی حەتمی بۆوە، بەر لە مردنیشی وەسیەتی کرد کە لەنێوان ئەو کەسایەتییانە خۆیان ڕاوێژ بکەن و کەسێک هەڵبژێرن، ئەوانیش: عوسمانی

کوڕی عەفان، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، تەڵحەی کوڕی عوبێدوڵڵا، زوبێری کوڕی عەوام، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس(٦). دوای مردنی عومەر بە سێ ڕۆژ، ئەو کەسایەتییانە هەریەکەیان ڕایەکیان بوو، زبێر دەنگی دایە عەلی، سەعد دەنگی دایە عەبدوڕەحمان، تەڵحەش عوسمانی هەڵبژارد، دواتر عەبدوڕەحمان کشایەوە ئەویش عوسمانی هەڵبژارد و بەمە عوسمان بووە دەنگی زۆرینە و هەر چۆنێک بێت بەیعەتیان دایە لە ساڵی (٢٣) کۆچی بووە خەلیفە(٧). هەرچەند بەپێی ئەم سەرچاوانە هەڵبژاردنی ئەبوبەکر جۆرێک لە نیمچە مشتومڕی تێدا بووە، بەربژێری جیاواز لە قورەیشی تێدا بووە، هەڵبژاردنی عومەریش بە وەسییەت بوو، بەڵام جۆرێک لە شوورا و پێر لە بەربژێرێک لەمەیاندا هەبووە.

حوکمداریی عوسمانی کوڕی عەفان زۆر جێی مشتومڕ و باس و خواسە، کە دەکرێ ئەمە لە توێژینەوەکەیدا سەربەخۆ لایی لێ بکرێتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوەی لە سەرچاوەکاندا هاتووە؛ ماوەی (١٢)ساڵ خیلافەتی کردووە و دواجار لە نیوەی دوایی حوکمیدا کێشە و گرفتی ناوەخۆیی زۆر سەریان هەڵدا، دواجار لە ساڵی (٣٥) کۆچی لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا(٨). لەم سەردەمەدا پشێوییەکی لە ڕادەبەدەر باڵی بەسەر مەدینە و شوێنەکانی تری خیلافەتدا کێشا بوو، لەم دۆخەدا بەشێکی سەحابە و تابعین و ئەوانەی شۆڕشیان دژی عوسمان بەرپاکردبوو بە هەر چۆنێک بێت بەیعەتیان دایە عەلی کوڕی ئەبو تالیب، جگە لە خزمەکانی عوسمان و ئومەوییەکان، تاک و تەرایەکی سەحابە(٩). ئەمەش سەرەتای دۆخێکی تازەی ئەم سەردەمە بوو، دواجار چەند جەنگێکی خوێناوی بەدوایدا هات وەک جەنگی جەمەل لەنێوان بەرەی عەلی لەلایەک و بەرەی عائیشە و تەڵحە و زبێر لەلایەکی تر، پاشان جەنگی سەفێن لەنێوان بەرەی عەلی و بەرەی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لەگەڵ ئەمەوییەکانی خزمانی عوسمان، دوای ئاگربەست و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەم بەرەیە پاشان بەرەی عەلی ترازانی تێکەوت و دواجار جەنگ لەنێوان عەلی و بەرەی موحەکیمە (خەواریج) کەوتەوە، لەگەڵ ئەوەی عەلی بەسەریاندا زاڵ بوو، بەڵام دواجار عەلی بە دەستی عەبدوڕەحمانی کوڕی مولجم لە مزگەوتی کووفە لە ساڵی (٤٠) کۆچی تیرۆردەکرێ(١٠). واتە دوای (٦) ساڵ حوکمی خیلافەتی پڕاوپڕ گیروگرفت. لە زۆرێکی سەرچاوەکانی ئەهلی سوننەدا، ئەم قۆناغەی حوکم پێی دەگوترێ خیلافەتی ڕاشدین، ئەڵبەت لە کۆی چوار خەلیفە، سیانیان کوژراون.

> **نزیکی دوو سەدە لە ماوەی سێ سەدەی سەرەتای کۆچی زیاتر تەنیا دوو بنەماڵە حکومیان کردووە**

**دەوڵەتی ئومەوی:**

لەناو دۆخێکی شپرزەی ناوخۆیی، عەلی پێش ئەوەی ئەم برینەی ببێتە هۆی مردنی، خیلافەتی ڕادەستی حەسەنی کوڕی کرد، خەڵکی کووفەش بەیعەتیان دایە، شەش تا هەشت مانگ خیلافەتی کرد، بەڵام میسر و شام لەژێر هەژموونی موعایە بوو و بەیعەتیان نەدایە حەسەن، عەلی بەرەیەکی ترازاو و شەکەت بە جەنگی ناوخۆیی بۆ حەسەن جێهێشت، دواجار حەسەن لە حوکم دابەزی بۆ معاویە و سوڵحیان کرد لەسەر ئەوەی دوای مردنی موعاویە حوکمی خیلافەت بکەوێتە دەست حەسەن، بەڵام مەرگی حەسەن پێشکەوت(١١)، بە پیلانێک ژەهرخوارد کرا(١٢). هەرچۆنێک بێت موعاویە لە ساڵی (٤١) کۆچی دەسەڵاتی خیلافەتی گرتە دەست،

دوای ئەوەی عەلی پایەتەختی لە مەدینەوە گواستەوە کووفە، موعاویەش دیمەشقی کردە پایەتەختی خۆی. گەرچی ڕادەستکردنی خیلافەت بۆ حەسەن سەری نەگرت، بەڵام گەر سەری بگرتایا ئەوا دەبووە یەکەم حوکمی پشتاوپشت لەم مێژووەدا. ئینجا جگە لەوەش سیاسیبوونی موعاویە توانی هەم بەرەی عەلی پەرتەوازە بکات و شەکەتیان بکات بە یەکتر. پاشان بەرەی حوکمی لەژێر پێی حەسەن دەرهێنا.
موعاویە (٢٠) ساڵ والی شام بوو، پاشانیش (٢٠) ساڵ حوکمی کۆی خیلافەتی کرد، لە ساڵی (٦٠) کۆچی یەزیدی کوڕی بە جێنشین دانا و خۆی لە تەمەنی (٧٨) ساڵیدا مرد، یەزید بەم پێیە بووە خەلیفە و

> **تا کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی؛ (١٦) خەلیفەی عەباسی حوکمیان کرد، لە کۆی هەموویان، (١٠) خەلیفە کوژراون، زۆربەشیان بە شمشێر و بە دەستی ناوخۆیی کوژراون.**

ئەوانەی بەیعەتیان دایێ چ بە خۆشی و چ لە ترسان، ئەوانەشی بەرهەڵستیان کرد وەک حسێنی کوڕی عەلی و عەبدوڵڵای کوڕی زبێر، بە زەبری هێز لەناو بردران(١٣). جەنگەکانی خوێناویترین جەنگی ناوەخۆیین لە یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، چوار ساڵ حوکمی شمشێری کرد.
یەزید بەر لە مردنی، موعاویەی کوڕی کردە جێنشین، کە موعاویەی دووەم ناسراوە، ڕاستەوخۆ دوای مردنی باوکی لە ساڵی (٦٤) کۆچی بووە خەلیفە. لەگەڵ ئەوەی کەسایەتیی موعاویەی دووەم پڕ لە خواپەرستێک دەچوو نەک خەلیفە، بەڵام هەر لە سەرەتای بەیعەتەوە؛ نەخۆش و لاواز بوو، تەنیا (٤٠) ڕۆژ لە حوکمدا بوو، لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا مرد، کەسیشی وەک جێنشین دیاری نەکرد(١٤). هەرچەند سەرهەڵدانی عەبدوڵڵای کوڕی زبێر لە سەردەمی یەزید بوو، بەڵام موعاویەی دووەم هەر لەسەر پێخەفی نەخۆشی مردن بوو، دەسەڵاتی عەبدوڵڵا بەسەر مەککەوە بوو. بەڵام زۆری نەخایاند، والی مەدینە مەڕوانی کوڕی حەکەمی ئومەوی، ئامۆزای موعاویە، ئەویشی لەناو برد، ماوەی ساڵێکی حوکم کرد و بەر لە مردنیشی عەبدولمەلیکی کوڕی کردە جێنشین(١٥). بەمەش بە جارێک حوکم لە لقی سوفیانییەکانەوە گواسترایەوە بۆ لقی مەڕوانییەکان لە بنەماڵەی ئومەوی.
عەبدولمەلیک پاشماوەی نەیارانی سەردەمی باوکی بە هێز یەکلای کردەوە و ماوەی (٢١) ساڵ حوکمی کرد(١٦). خیلافەتەی لە کوژرانی ئیبن زبێرەوە بە (١٣) ساڵ حسێب دەکرێ. واتە گەر ئەو ماوەیە حسێب نەکەین کە دوو خەلیفە لە هەمان کاتدا لە حوکم بوون.
ئەڵبەت عەبدولمەلیک هەر لە ژیانی خۆیدا وەلیدی کوڕی کردە جێنشین و ڕاستەوخۆ دوای مەرگی باوکی بەیعەتی خیلافەتی درایە، ئەویش (١٠) ساڵ حوکمی کرد و لە تەمەنی (٤٨) ساڵیدا لە ساڵی (٩٦) کۆچی مرد و سلێمانی برای کردە جێنشین، ئەویش لە ساتەوەختی مەرگی براکەی حوکمی گرتە دەست، دوو ساڵ و حەوت مانگ خەلیفە بوو، لە ساڵی (٩٦ک) مرد(١٧).
باسوخواسی زۆر لەسەر کەسایەتی هەیە و مردنەکەشی هەندێک تەمومژاوییە. بە هەر حاڵ لەسەر پێخەفی نەخۆشی و مەرگدا بوو عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ئامۆزای کردە جێنشین(١٨). لەمەدا دوو دیاردەی نوێ دێنە بەرچاو، یەکەمیان گواستنەوەی حوکم لە برا بۆ برا، پاشان بۆ ئامۆزا.
حوکمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، بە جۆرێک هێمن بوو، و هەروەها کۆنترۆڵی قۆرخکاری ئامۆزایەکانی کردبوو، بۆیە دواجار ژەهرخوارد دەکرێ لە ساڵی (١٠١)

کۆچی ژیان لەدەست دەدا، ماوەی حوکمی دوو ساڵ و پێنج مانگ بوو، بەر لە مردنیشی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کردە جێنشین(١٩) کە ئامۆزای خۆی و برای خەلیفەی پێشوو سلێمان و وەلید بوو. یەزید لە سەرەتا هاوشێوەی عومەر حوکمی دەکرد، بەڵام دواتر چل کەسی ئەو سەردەمی هێنا کەوا فتوایان بۆ دا خەلیفە هیچ حسێب و کتێبی لەسەر نییە. سەردەمی حوکمڕانی یەزید پڕاوپڕ بوو لە پشێوی و شەڕ و شۆڕی ناوخۆیی. چوار ساڵ و چەند مانگێک حوکمی کرد و لە تەمەنی سی و چوار ساڵی مرد، لە ساڵی (١٠٥ک) وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک جێنشینی بوو بەڵام دواتر هیشامی برای بووە خەلیفە ئەویش کرایە جێنشینی هیشام(٢٠). ئەمەیان دیاردەیەکی نوێ بوو، کەوا خەلیفە هێشتا هەر لە حوکمدا بوو، جێنشینی هەبوو، ئەویش جێنشینی بۆ دیاریکرا.

هیشام لە تەمەنی (٣٤) ساڵی بووە خەلیفە و لە ساڵی (١٢٥ک) مرد، ماوەی (٢٠) ساڵ پڕ لە شەڕ و شۆڕ و جەنگی حوکم کرد و وەک ئەوەی باسمان کرد حوکمی بۆ وەلیدی جێنشینی بەجێهێشت دوای مردنی. حوکمی وەلیدیش سەرەڕای پشێوی، بەڵام دەیان پەنجەی تۆمەتی بێدینی و دژەدینی بۆ ئەو خەلیفەیە ڕادەکێشرا و دواجار هەر لەناو خۆیاندا کوژرا و یەزیدی کوڕی وەلیدی ئامۆزای کودەتای بەسەردا کرد(٢١). بەمەش پەرتەوازەیی ترازانی پتر کەوتە ناو حوکمی ئومەوی. هەم دیاردەیەکی نوێتری پەرتەوازەیی هاتە ناو حوکمی ئومەوییەت، ئەمیش کودەتاکردن بەسەر یەکتر، تەنانەت لەناو هەمان بنەماڵەش.

حوکمی یەزیدی کوڕی وەلید تا ئەندازەیەک هێمنتر بوو بە بەراورد بەو ماوەیە، بەڵام لەم سەردەمە نەخۆشی تاعوون بڵاوبۆوە، خۆیشی ئەم نەخۆشییەی گرت، دواجار لە ساڵی (١٢٦ک) وەفاتیکرد، ماوەی شەش مانگ حوکم کرد، ئیبراهیمی برایشی وەک جێنشین دانابوو(٢٢). لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت لە خۆشگوزەرانییەکی ماماوەند دابوو، بەڵام حوکمی ئیبراهیم لە ماوەیەکی زۆر شپرزەدا بوو، بۆیە ماوەی حوکمەکەی زۆری نەخایەند و تەنانەت مەڕوانی کوڕی محەمەد کوڕی مەڕوانی کوڕی حەکەم لە گەورە کاربەدەستانی ئومەوی و ئامۆزازایانی خۆی بەیعەتی پێ نەدا، دواجار لە ساڵی (١٢٨ک) بە لاوازی دەسەڵاتی بەجێهێشت بۆ مەڕوانی کوڕی محەمەد(٢٣)، پاشان هەردووکیان دوای شکستی دەوڵەتەکەیان بە دەستی عەبباسییەکان کوژران، کە دواتر باسی دەکەین. ئەمەشی کە نوێ بوو، کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بەبێ کوشتار و سەندنەوەی لە نەوەی مامی باوکی.

مەڕوانی کوڕی محەمەد لە سەردەمێک حوکمی گرتە دەست کەوا بزاوتی خەوارج تەنگی بە دەسەڵات هەڵچنی بوو، دەیان جەنگ و کوشتار لەنێوانیان کەوتەوە. ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە بەرەی عەباسی و عەلەوی و خوراسانی لە چەند جەنگێکی نابەرامبەر شکستیان بە مەڕوان و کۆی دەوڵەتی ئومەوی هێنا دواجار لە ساڵی (١٣٢ک) لە تەمەنی (٦٠) ساڵیدا و دوای پێنج ساڵ و دە مانگ حوکم لە لایەن سوپای عەباسییەوە کوژرا، نەک هەر ئەو دەیان کەس لە میرانی ئومەوی بە دەستی عەبدوڵڵای کوڕی عەلی کە دەکاتە مامی ئەبولعەباس سەفاحی یەکەم خەلیفە ئومەوی کوژران، بەڵکو تەنانەت گۆڕی هەندێکیشان هەڵدانەوە و پاشماوەی تەرمەکانیان بە ئاودادان، ئەوانەشی دەربازیان بوو چوونە ئەندەلوس (ئیسپانیا) لەم ناوچەیە حوکمیان گیڕا و عەباسییەکان دەستیان نەگەیشتە ئەوان تەنانەت تا ڕووخانی حوکمی هەردوولا(٢٤). ئەمە نەک هەر بۆ سەندنەوەی دەسەڵات بوو، بەڵکو هەوڵی ئەوە تەنانەت تۆوی ئەوانە ببڕنەوە کەوا ترس لە دەسەڵاتیان دەکەن.

### دەوڵەتی عەباسی:

بەو ڕووداوەی پێشوو عەباسییەکان هاتنە سەر حوکم، خۆیان بە نەوەی عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی مامی پێغەمبەر (د. خ) دەزانی. لەم باسەیاندا کوشت و بڕی زۆر هەیە کەوا زۆر زۆری دەوێ، هەر لە پاکتاوکردنی دۆستەکانی دوێنێ و دوژمنانی ئەمڕۆ، چەشنی عەبدوڵڵا و ئیبراهیمی کوڕانی محەمەدی نەفس زەکیە لە بەرەی عەلەوییەکان، ئەبو موسلیمی خوراسانی سوپاسالار ... هتد، بەڵکو تەنیا باس لەوە دەکەین لەو سەردەمەیان چۆن چۆنی خەلیفەکانی بنەماڵەی عەباسی دەستاودەستی حوکمیان لەنێوان یەکتر کردووە. هەرچەند بانگەشەکاری یەکەمی


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

عەباسی، محەمەدی کوڕی عەلی عەباسی بوو دەکاتە نەوەی ئیبن عەباس، باوکی هەریەکە لە ئیبراهیم و ئەبولعەباس سەفاح و ئەبوجەعفەری مەنسوور، بەڵام پیری و مەرگ بواری نەدا لە ساڵی (١٢٥) کۆچی مرد. دوای ئەو ئیبراهیمی کوڕی درێژەی بەو بانگەوازە دا وەک باوکی بە نهێنی بەیعەتی درایە، بە ئیمام ناسرابوو چونکە سەروەسیەتی باوکی بوو، بەڵام لە سەردەمی دوا خەلیفەی ئومەوی مەڕوانی کوڕی محەمەدی بوو، بەڵام باس و خواسەکەی گەییە مەڕوان، ئەویش زیندانیکرد و لە ساڵی (١٣١ک) لەوێدا کوژرا(٢٥). پاشان هەر بە هەمان شێوە نهێنیانە بەیعەت درایە ئەبولعەباس سەفاحی برای، ئەڵبەت

**سەردەمی حوکمی بنەماڵەی عەباسی، جگە لە سەرکوتکردن و پاکتاوی هاوپەیمانانی پێشووی خۆیان. چەندان کوشتوبڕی ناوخۆیی زادەی ئەو قۆناغەی حوکم بووە**

سەفاح واتە خوێنڕێژ. بەڵام ئەبولعەباس توانی بە یارمەتی عەلەوییەکان و خوراسانییەکان تەخت و تاجی ئومەوییەکان لەناو ببات و ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی ئومەوی کوژران بە خەلیفەکەشیانەوە، بە دەیانی لە میرانی ئومەوی کوشتن، نەک هەر ئەوان بەڵکو بۆ سەقامگیربوونی حوکمیان کوشتاری زۆری کردن، لە ساڵی (١٣٢) کۆچی دەسەڵاتی خۆی وەک خەلیفە ناساند(٢٦). بەم شێوەیە بووە یەکەم خەلیفەی بێ ڕکابەر ئەو ڕۆژگارە. ماوەی چوار ساڵ حوکمی کرد، بە هۆی نەخۆشییەکی کوشندەی پێست لە ساڵی (١٣٦) کۆچی مرد، ئەبو جەعفەری مەنسووری برای بووە جێنشین.

ئەبو جەعفەر لە دوای سەفاح بەیعەتی درایە و بووە خەلیفە، هەرچەند سەفاح لەو بچووکتر بوو، بەڵام چونکە دایکی عەرەب بوو، دایکی مەنسوور بەربەر (ئەمازیغ) بوو، بۆیە پێشی کەوت لە حوکم. بە هۆی ئەوەی ترسی لە ئەماحگیری مامی عەبدوڵڵای کوڕی عەلی و بەهێزی ئەبو موسلیمی خوراسانی هەبوو، هەردووکیانی لەناوبردن. بە هۆی فەرامۆشکردنی نەوەکانی عەلی (عەلەوییەکان) کوڕانی محەمەدی نەفس زەکییەش لێی دەرچوون و ئەوانیشی لەناوبردن، ئەمە جگە لە سەرکوتکردنی چەندان شۆڕش و سەرهەڵدانی تر. بەم شێوەیە (٢٢) ساڵی حوکم کرد، تا لە ساڵی (١٥٨) کۆچی مرد. هەرچەند سەفاح بەیعەتی جێنشینی بە مەنسوور دابوو لە پاشان بۆ عیسی کوڕی مووسای کوڕی محەمەدی ئیمام، بەڵام بە زەبر عیسا دوورخرایەوە، و مەهدی و هاروونە ڕەشید بەدوای یەکتر کرانە جێنشین(٢٧). مەهدی ناوی محەمەد بوو ئەبو جەعفەری باوکیشی عەبدوڵڵا، ئەمە جۆرێک هاوشێوەکردنی بوو بەو مەهدییەی لەناو کەلەپووری سوننەدا هەیە.

مەهدی لە (١٥٨) کۆچی بەیعەتی درایە و بە هەمان شێوە درێژەی دا بە سەرکوتکردنی نەیاران و فتووحاتی دەوروبەر، ماوەی (١٠) ساڵ حوکمی کرد، لە (١٦٩) کۆچی بە ڕووداوێک لە تەمەنی (٤٠) ساڵان لە نزیک شاری مەندەلی مرد(٢٨). ئیتر ئەمەش ئەو هەوڵدان بۆ مەهدەوییەتی ئەو خەلیفەی شکست پێ هێنا، ئەوە تەنیا خەلیفەکی ئەو سەردەمە بووە نەوەک محەمەدی مەهدی کە لە کەلەپووری بە تایبەت سوننەدا هاتووە.

مووسای هادی لەدوای مەهدی بووە جێنشین، بە هەمان شێوە هاروونە ڕەشیدی برایشی لە دوای ئەو جێنشین بوو، بەڵام کائێک ویستی هاروون لە جێنشینی لابدا و کوڕەکەی بکاتە جێنشین، دەگوترێ بە پلانی دایکیان، دوای دوو ساڵ حوکم هادی دەخنکێنرێ، دوای

نەمانی لە ساڵی (١٧٠) کۆچی هاڕوونی برای هاتە سەر حوکم(٢٩).

دوای (٢٣) ساڵ حوکم، هاروونە ڕەشید کە لە ناوچەی تووس (مەشهەدی ئێستا) دەبێت، باری تەندروستی تێک دەچێت لە ساڵی (١٩٣) کۆچی دەمرێت(٣٠). هەرچەند ئەمینی کوڕی لە ساڵی (١٧٥) کردە جێنشین، کە کوڕی زبێدەی ئامۆزای خۆی بوو، بەڵام دواتر بە کاریگەری بەرمەکییەکان مەئموونی کوڕیشی لە ساڵی (١٨٢) کۆچی کردە جێنشینی دوای ئەمین، چونکە دایکی مەئموون فارس بوو وەک بەرمەکییەکان(٣١). هەرچەند ئەمین دوای باوکی پێنج ساڵی حوکمی خیلافەتی کرد، بەڵام ئەم ململانێ عەرەبی فارسییە بەردەوام بوو، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەمین کوڕەکەی خۆی مووسای کردە جێنشین و جێنشینیەتی مەئموونی هەڵوەشاندەوە، ئەمەش بە کوشتنی ئەمین کۆتایی هات لە ساڵی (١٩٨) کۆچی(٣٢). دواجار مەئموونی خاڵۆزای بەرەی فارسی سەرخست بەسەر ئەمین و بەرە عروبییەکەی.

مەئموون سەرەتا ئیمام عەلی ڕەزای هەشتەم ئیمامی شیعەی دوازدەی ئیمامی کردە جێنشین، بەڵام دواتر لە ڕووداوێکی نەمومڕاوی ئیمام ڕەزا دەمرێت، بەپێی هەندێ سەرچاوە ژەهرخوارد کرا، دواتریش لە ساڵی (٢٠٣) کۆچیدا موعتەسەمی برای کردە جێنشین، دوای بیست ساڵ خیلافەت، لە سەفەرێکیدا لە تەرسووس بە هۆی گرانەتاوە لە ساڵی (٢١٨) کۆچی مرد(٣٣).

موعتەسەم لەو ڕۆژەی مەئموون مرد، بەیعەتی درایە، بەڵام بۆ ئەوەی لە پاشماوەی ململانێی عەرەبی فارسی دەرچێت، پشتی بە تورک بەست، چونکە دایکی کەنیزەکێکی تورکی بوو(٣٤). لەو کاتەی دژی ڕۆم دەجەنگا عەباسی برازای خەریکی پیلان بوو دژی، بۆیە وازی لە جەنگی ڕۆم هێنا و گەڕایەوە عەباسی زیندانیکرد و ئاوی لێ بڕی لە ئێنوینیدا خنکا(٣٥). بە هۆی کەڵەشاخگرتنەوە لە ساڵی (٢٢٧) کۆچی تووشی نەخۆشی بوو، دوای دوو مانگ بە هۆیەوە مرد، بەر لە مردنیشی واسقی کوڕی کردبووە جێنشین(٣٦).

دوای پێنج ساڵ حوکم بە ڕووداوێکی نەمومڕاوی مرد، مەتەوەکیل جێنشینی بوو، بەیعەتی درایە(٣٧).

دوای پازدە ساڵ حوکم، مەتەوەکیل نەیتوانی بە ئاسانی جێنشین دابنێ، هەرسێ کوڕی کردنە جێنشین مونتەسیر پاشان موعتەز و دواتر موئەیەد، بەڵام بە هۆی پێشخستنی موعتەز، ناکۆکی کەوتە نێوان مونتەسیر و مەتەوەکیلی باوکی، دواجار بە پشتیوانی تورکەکان، توانی باوکی بکوژێ لە ساڵی (٢٤٧) کۆچی، خوێنەکەشیان خستە ئەستۆی کەسێک کە لەگەڵ باوکی کوژرابوون(٣٨). بە بەراورد لەگەڵ خەلیفەکانی پێشوو ئەمە یەکەم حاڵەتی باوک کوشتنە لەسەر خیلافەت.

مونتەسیر تەنیا شەش مانگ حوکمی کرد، بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ تورکان، توانیان پزیشکەکەی کە ناوی ئیبن تەیفوور بوو بە پارە ڕازی بکەن خەلیفە ژەهراوی بکا. لە ساڵی (٢٤٨) کۆچی لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا مرد(٣٩). لەوە دەچێ ئێنر خەلیفە کوشتن بوو بێتە باو.

خەلیفە موستەعین برای مەتەوەکیل، بووە خەلیفە، دوای چوار ساڵ حوکم، بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ تورکان، ئەوانیش پشتیوانی موعتەزیان کرد و ئەویش بە سوپا هێرشی کردە سەر موستەعین، قۆڵبەستیان کرد و سەریان پەڕاند(٤٠). دوای لادانی موستەعین بەیعەت درایە موعتەز لە ساڵی (٢٥٢) کۆچی، دوای سێ ساڵ لە حوکم، برایەکی خۆی بە ناوی موئەیەد کردە جێنشین، بەڵام دواتر لەژێر قەمچی گیانی لە دەست دا، هەرچەند تەختی خیلافەتی بۆ موهتەدی جێهێشت، بەڵام بە هۆی باڵادەستی توورکان، بەسەریدا زاڵ بوون و هەڵیانواسی بە داردا تا لە ئێنویەتیدا خنکا(٤١). موهتەدی لەو ساڵەدا هاتە سەر حوکم و دوای ململانێی لەگەڵ تورکان شکستی هێناو و دوای ساڵێک واتە (٢٥٦ک) کوشتیان(٤٢). خەلیفە موعتەمید هاتە سەر حوکم، دوای (٢٣) ساڵ حوکمی خیلافەت، توانی پەرتەوازەیی بخاتە ناو تورکان. بەڵام سەرەنجام لە ساڵی (٢٧٩ک) بە مردنێکی کتوپڕ کە ئاماژە بۆ ژەهرخواردنی دەکەن کۆتایی بە ژیانی هات(٤٣).

دوای ئەو، خەلیفە موعتەزید دەکاتە برازای هاتە سەر حوکم یەکەم خەلیفە بوو باوکی خەلیفە نەبوو بێت و جێنشینی مامی بووە، دوای دە ساڵ حوکم بە هۆی نەخۆشییەوە لە ساڵی (٢٨٩ک) وەفاتیکردووە(٤٤).

موکتەفی کوڕی هاتە سەر حوکم بەڵام تەنیا شەش

ساڵ حوكمی كرد هەر بە گەنجی مرد لە ساڵی (٢٩٥ك) بە هۆی نەخۆشی شاهانە (داء الملوك)(٤٥). دەگوترێ ئەم نەخۆشییە بە هۆی زۆر خواردنی گۆشتی سوورەوەیە. دوای ئەویش موقتەدیر كوڕی موعتەزید هاتە سەر حوكم كە تەمەنی (١٣) ساڵ بوو، حوكم، بە هۆی منداڵكارییەوە، ڕژێمی حوكم تەواو گێژاوی تێ كەوتبوو، پازدە ساڵی حوكم كرد؛ بۆ كپكردنەوەی ئەم هەراوهۆریایە. دواجار ئەویش لە ساڵی (٣٢٠ك) بە دەستی یەكێك لە سەربازانی كۆشك كوژرا(٤٦)... هەرچەند دوای ئەویش سی چوار خەلیفەی تری عەباسی حوكمیان كردووە. بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە كۆی حوكمی عەباسی نییە.. بەڵكو ئاماژەكردنە بۆ سێ سەدە پڕ لە خێرەكەی سەلەفی ساڵح.

## شەنوكەوی ماوەی حوكمڕانی سەلەفی ساڵح

نزیكی دوو سەدە لە ماوەی سێ سەدەی سەرەتای كۆچی زیاتر تەنیا دوو بنەماڵە حكومیان كردووە، خێڵی ئومەوی و عەباسی. هەردووكیشیان ڕەوایەتیی حوكمیان لە قورەیشبوونەوە وەرگرتووە. ئومەویی بە حوكمی ئەوەی نەوەی ئەبوسوفیان و مەڕوانی كوڕی حەكەمن. هەرچیی عەبباسییەكانن، بە بانگەوازی تۆڵەكردنەوەی خوێنی حسێنی كوڕی عەلی دەستیان پێكرد، بە بانگەشەی نەوەی عەباسی كوڕی عەبدولموتەڵیبی مامی پێغەمبەر (د. خ) خۆیان چەسپاند.

جگە لەم دوو بنەماڵە، سەرەتا چوار خەلیفەكە حوكمیان كردووە؛ ئەبوبەكر و عومەر و عوسمان و عەلی، ئەوانیش هەر چواریان لە قورەیشن. هەروەها دوو حوكمی نیوەچڵی خیلافەت چەند مانگیان خایەند، ئەوانیش حەسەنی كوڕی عەلی و عەبدوڵڵای كوڕی زبێر، ئەوانیش بە هەمان شێوە لە قورەیشبوون. ئەم مەسەلەی قورەیشبوونە، تەنانەت زۆرێك لە ڕیوایاتی كەلەپووری سوننی لەسەر هاتووە، وەك ئەوەی ڕژێمی خیلافەت ئەمەی بە مەرج گرتبێت.

لەو سەردەمە جگە لەوەی خەلیفە كە لەناو بنەماڵەكان چڕببۆوە، هەر لە ژیانی خەلیفەدا جێنشینی خەلیفە هەڵدەبژێردرا، هەر لەناو خودی بنەماڵەی دەسەڵاتدار، هەروەها جاری وابووە، جگە لە جێنشین، جێنشینی جێنشینیش دادەنرا. هەر ئەوەش بووە زۆربەی كوشتارە ناوخۆیی و یەكتر پاكتاوكردنی خستۆتەوە. كۆی پرۆسەكان یا ئەوەتا خەلیفە تا مردن لە حوكمدا بووە، یانیش بەجۆرێك لەناو براوە، یا ئەوەتا دوورخراوەتەوە. ئەوەشە جێی سەرنجی ئەم باسەمان كەوا ئەنجامەكان بخەینەڕوو. لە چوار خەلیفەكەی سەرەتا، تەنیا ئەبوبەكر بە نەخۆشی مردووە، سێیەكەی تر عومەر و عوسمان و عەلی هەرسێكیان كوژراون. هەروەها لە دوای ئەوانیش لە دەرەوەی ڕژێمی خیلافەتی خێڵ، حەسەنی كوڕی عەلی بە هۆی ژەهرخواردكردنەوە كوژراوە، عەبدوڵڵای كوڕی زبێریش لە مەیدانی جەنگ كوژراوە. بەمەش لە كۆی حەفت خەلیفە لە نەوەی سەحابە و دەرەوەی خێڵی ئومەوی و عەباسی، شەشیان كوژراون!

لە سەردەمی ئومەوییەكانیش، چواردە خەلیفە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. لەو سەردەمەش لە كۆی ئەو خەلیفانەش، سێ خەلیفە كوژراون، هەر بە دەستی ناوخۆیی بنەماڵەی ئومەوی، جگە لە دوا خەلیفەیان. حوكمڕانیان بە كوشتار و جەنگێكی خوێناوی لەگەڵ بنەماڵەی عەباسی كۆتایی هات. جگە لەو زۆربەی میرانی ئەو بنەماڵە قەتڵوعام كران، تەنانەت گۆڕی هەندێ خەلیفە و میرەكانیش هەڵدرانەوە پرووسكیان لەنابردران، ئەوەی دەربازی بوو، عەبدوڕەحمان كوڕی معاویە كوڕی هیشام كوڕی عەبدولمەلیك بوو، پەڕیەوە بەری ئەورووپا و لەوێ بنەماڵەی ئومەوی حوكمیان دامەزراند بەڵام بە سیفەتی میرایەتی ناسێنراون لە حوكم، لەبەر حوكمی بەرفراوانی خیلافەتی عەباسی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەوڵەتی خیلافەت.

سەردەمی حوكمی بنەماڵەی عەباسی، جگە لە سەركوتكردن و پاكتاوی هاوپەیمانانی پێشووی خۆیان. چەندان كوشتوبڕی ناوخۆیی زادەی ئەو قۆناغەی حوكم بووە، كە نازناوی یەكەم خەلیفەیان سەفاح واتە خوێنڕێژ بووە، تەنانەت پاكتاوكردنی مام و برازاكانی سەرەتای عەباسی بووە بەردی بناغەی ئەو دەوڵەتە. سێ لە میرانی عەباسی لە ململانێی ناوخۆیی سەر تەختی خیلافەت كوژراون. هاوكات تا كۆتایی سەدەی سێیەمی كۆچی؛ (١٦) خەلیفەی عەباسی حوكمیان كرد، لە كۆی هەموویان، (١٠) خەلیفە كوژراون، زۆربەشیان بە شمشێر و بە دەستی ناوخۆیی كوژراون.

## ئەنجام

هیچ بنەمایەکی ئوسووڵی نەگۆڕی دینی نەبووە لە مێژووی هاتنی ئیسلام تا کۆتایی سەردەمی سەلەف؛ بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات. لە هەر سەردەمێکدا کەوتۆتە ژێر تەئویل و تەفسیری جیاجیا بۆ پاساودانی ئەو کەسەی حوکم دەگرێتە دەست. ڕەوایی قوڕەیشیبوون زاڵە بەسەر تیۆری خیلافەت، بۆیە تەواوی حوکمی ئەو سەردەمە بە ناوی خیلافەت کەسانی قوڕەیشی کردوویانە. حوکمی بنەماڵەیی مۆرکێکی زاڵی ئەو سەردەمەیە، سەرەتا تاکەکەس یان ماڵێک حوکمیان گرتۆتە دەست، دواتر نەوەی دووەم و سێیەم خۆیان کەوتوونەتە ململانێ لەسەر دەسەڵات، بۆیە دەستاودەستی دەسەڵات لەم سەردەمە مەگەر تاک و تەرا، ئەگەرنا زۆربەی بەزەبری هێز یەکلاکراوەتەوە. بەمەش حوکمداریی لەو سەردەمە ڕەوایەتی لە دوو بنەماوە وەرگرتووە، قوڕەیشیبوون و ئەو بنەمایەی دەڵێ: مانەوە بۆ بەهێزترینە. بۆیە وەرگرتنی ڕەوایی حوکم لە ڕێی پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە، و کردنی بەبەر بنەماڵەیەکی حوکم، دواجار بە شکستی حوکمە و بنەماڵەکە کۆتایی دێت، ئەمە جگە لەوەی پیرۆزییەکەش دەخاتە ژێر پرسیار و تێبینی.

**سەرچاوەکان:**

١ السيلي، عبد العزيز (١٩٩٥) العقيدة السلفية بين الإمام ابن حنبل والإمام ابن تيمية، ط:٢ دار المنار، القاهرة، ص٢٤.

٢ الصلابي، علي محمد (٢٠٠٦) الخليفة الأول ابي بكر الصديق، شخصيته وعصره، مؤسسة اقرا، القاهرة، ص١١٨.

٣ الذهبي، شمس الدين (١٩٩٠) تاريخ الإسلام للذهبي، عهد الخلفاء الراشدين، دار الكتاب العربي، بيروت- لبنان، ج٣: ص١١٦-١١٧.

٤ شبارو، الدكتور عصام (١٩٩٥) الدولة العربية الإسلامية الأولى، ط:٣، دار النهضة العربية، بيروت - لبنان. ص٢٧٩.

٥ لطبري، ابو جعفر محمد بن جرير(١٩٦٠) تاريخ الرسل والملوك، تحقيق محمد ابو الفضل ابراهيم. ، دار المعارف - القاهرة، ج٤: ص١٩٠-١٩١.

٦ ابن كثير، ابو الفداء اسماعيل بن عمر(١٩٨١). البداية والنهاية، ج:٧، مكتبة المعارف - بيروت، ج٧: ص١٣٧، ١٣٨، ١٤٤.

٧ شبارو، الدكتور عصام (١٩٩٥)، المصدر السابق، ص٣٣٥.

٨ ابن سعد، محمد الزهري (٢٠٠١) كتاب الطبقات الكبرى، مكتبة الخانجي، مصر، ج١: ص٣٩-٤٠.

٩ ابن كثير، ابو الفداء اسماعيل بن عمر(١٩٨١). المصر السابق، ص٢١٢.

١٠ ابن الأثير، ابو الحسن علي عزالدين(١٩٩٤)، اسد الغابة في معرفة الصحابة، تحقيق: علي محمد معوض و عزت احمد عبدالموجود، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ج١: ص٨٠٥.

١١ المصدر نفسه، ص٢٦.

١٢ الذهبي، شمس الدين(٢٠٠١) سير اعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، الرياض-السعودية، ج٣: ص٢٧٤ و ٢٧٩.

١٣ ابن كثير، ابو الفداء اسماعيل بن عمر(١٩٨١). المصر السابق، ج٨: ص٢٠٨.

١٤ الهيثمي، ابن حجر(٢٠٠٩)كتاب الصواعق المحرقة على اهل الرفض والضلال والزندقة، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ص٣٣٦.

١٥ العش، د. يوسف (١٩٨٥) الدولة الأموية والأحداث التي سبقتها ومهدت لها ابتداء من فتنة عثمان، ط:٢، دار الفكر، دمشق - سوريا، ص٢٠٢.

١٦ الخضري، محمد (١٩٩٧) الدولة الأموية. دار المعرفة، بيروت- لبنان، ص٣٥٩.

١٧ شهلة، د. ايلي منيف شهلة(١٩٩٨) الأيام الأخيرة في حياة الخلفاء، ط:١، دار الكتاب العربي، بيروت- لبنان، ص٢٣٦.

١٨ الخرعان، عبدالله بن عبدالرحمن(٢٠٠٣) اثر العلماء في الحياة السياسية، مكتبة الرشد، الرياض، السعودية، ص١٧٣.

١٩ ابن الجوزي، ابو الفرج(١٩٨٤) سيرة ومناقب عمر بن عبد العزيز الخليفة الزاهد، تحقيق: الأستاذ نعيم زرزور، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ص٣١٦-٣١٧.

٢٠ مسكويه، ابو علي(٢٠٠٣) تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، دار الكتب العملية، بيروت - لبنان، ج٢: ص٤٦٧.

٢١ الطبري، محمد بن جرير(٢٠١١)، تاريخ الأمم والملوك، دار الكتب العملية، بيروت - لبنان، ج٧: ص٨.

٢٢ ابن الأثير، ابو الحسن علي عزالدين(١٩٨٧)، الكامل في التاريخ، تحقيق: ابو الفداء عبدالله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ج٢: ص٤٤٦.

٢٣ ابو الفداء، عماد الدين اسماعيل(١٩٠٧) المختصر في اخبار البشر ، المطبعة الحسينية المصرية، مصر، ج١: ص١٤٦.

٢٤ الذهبي، شمس الدين (١٩٩٠)، المصدر السابق، ج٨: ص٣٧٠.

٢٥ الذهبي، شمس الدين(٢٠٠١)، المصدر السابق ج٥: ص٣٧٩.

٢٦ ابن كثير، ابو الفداء اسماعيل بن عمر(١٩٨١)، ج١٠: ص٦٨.

٢٧ الكيلاني، جمال الدين فالح(٢٠١١) التاريخ الإسلامي في العصور الوسطى، مكتبة المصطفى، القاهرة، ص٦٧.

٢٨ المصدر نفسه.

٢٩ الطبري، محمد بن جرير(٢٠١١)، المصدر السابق، ج٨ ص٢٣٠.

٣٠ ابن الأثير، ابو الحسن علي عزالدين(١٩٨٧)، المصدر السابق، ج٩: ص٤٣.

٣١ العبادي، احمد مختار(١٩٧٢) في التاريخ العباسي

والأندلسي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت – لبنان، ص٨٧.

٣٢ المصدر السابق، ص٩٤.

٣٣ الحسن، عيسى(٢٠٠٩) الدولة العباسية، تكامل البناء الحضاري، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان–الأردن، ص١٩٦.

٣٤ المصدر نفسه، ص١١٧.

٣٥ المصدر نفسه، ص١١٩.

٣٦ السيوطي، جلال الدين(٢٠١٩)تاريخ الخلفاء، تحقيق: وائل محمود الشرقي، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ص٢٥٤.

٣٧ مجموعة من العلماء والباحثين(١٩٩٩) الموسوعة العربية العالمية، الطبعة الثانية، مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، الرياض، السعودية، ج٢٧: ص٧.

٣٨ السيوطي، جلال الدين(٢٠١٩)، المصدر السابق، ص٢٣٠.

٣٩ السيوطي، جلال الدين(٢٠١٩)، المصدر السابق، ص٢٣٠.

٤٠ السيوطي، جلال الدين(٢٠١٩)، المصدر السابق، ص٢٨٤.

٤١ ابن الساعي، تاج الدين الخازن البغدادي(١٩٩٨) كتاب نساء الخلفاء المسمى جهات الأئمة الخلفاء من الحرائر والإماء، تحقيق: الدكتور مصطفى جواد، دار المعارف، مصر، ص١١١–١١٢.

٤٢ شاكر، محمود(٢٠٠٠) التاريخ الاسلامي، ط:٦، المكتب الإسلامي، ديمشق–بيروت–عمان، ج٢: ص٥٩.

٤٣ الذهبي، شمس الدين(٢٠٠١)، المصدر السابق، ج٢: ص٦٥.

٤٤ ابن الساعي، تاج الدين الخازن البغدادي(١٩٩٨)، المصدر السابق، ص١١٢

٤٥ شاكر، محمود(٢٠٠٠)، ج٢: ص١٠٢

٤٦ شاكر، محمود(٢٠٠٠)، ج٢: ص١٠٧.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS